**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٣٥٠ لە ٢٠٢٢/٦/١٣**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٧،١٠٧،١٠٢،٨٣،١١) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ، ڕێنمایی هاوبەشی (وەزارەتی ناوخۆ , وەزارەتی دارایی و ئابووری ) ژمارە ٢٠٢١/٧ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (١) لە پارێزگای (دهۆك) قەزای (سیمێل) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٧٤/١-٤٤) بە ڕووبەری (٥٠ دۆنم) بۆ کۆگاکردن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لەلایەن کۆمپانیای (دونیا میراك).

٢- ئۆتۆمبێلەکان دوای چاککرنەوە بەپێی پێناسەی گومرگی و ڕێنماییەکان باج و رسوماتیان لێ وەردەگیرێت.

٣- مەرجەکانی دامەزراندن و کارکردنی ئەم کۆمەڵگایە بەپێی بەندەکانی گرێبەستێك دەبێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و کۆمپانیادا ئەنجام دەدرێت و لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوری پەسەند دەکرێت.

٤- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێ بەجێ کردن .

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٣٥١ لە ٢٠٢٢/٦/١٣**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٧،١٠٧،١٠٢،٨٣،١١) لە یاسایی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ، ڕێنمایی هاوبەشی (وەزارەتی ناوخۆ , وەزارەتی دارایی و ئابووری ) ژمارە ٢٠٢١/٧ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (٢) لەپارێزگای (سلێمانی) قەزای (سلێمانی) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٤/٣)ی ناوچەی(٥)ی باریکە بە ڕووبەری (١٥/دۆنم)بۆ کۆگاکردن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لەلایەن کۆمپانیای (ڕەزگە).

٢-ئۆتۆمبێلەکان دوای چاککرنەوە بەپێی پێناسەی گومرگی و ڕێنماییەکان باج و رسوماتیان لێ وەردەگیرێت.

٣- مەرجەکانی دامەزراندن و کارکردنی ئەم کۆمەڵگایە بەپێی بەندەکانی گرێبەستێك دەبێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و کۆمپانیادا ئەنجام دەدرێت و لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوری پەسەند دەکرێت.

٤- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێبەجێ کردن .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**